# دەنگ دان  بە یەکگرتووی ئیسلامی دەنگدانە
# بە سعودیە وقەتەری عەرەبی

لالۆ دووکانی
نەرویج

ماوەیەکە یەکگرتووی ئیسلامی دەیەوی دیوی ڕەشی شاراوەی خۆی بە ڕووالەت بەوە سپی کاتەوە کە گوایە لەبەر گەندەڵی ئیداری ناچنە لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە.
باشە ئایا ئەگەرپێش چەند مانگێک چەند کورسیەکیان لە لایەن پەرلەمانەوە پێ  بدرایە هەروا بە جیا دەچوون.
ئایائەگەر یەکێک لە دووحیزبە سەرەکێکەی کوردستان بە پیرداخوازی و بیرتەسکی پاشکەوتۆ ئیسلامی ێ کەی ئەواندابچووبایە هەروا بەجیا دەچوون.
بەلام مەخابن خەڵکی کوردستان ئەمانە هەروەک هەموو گرووپ وحیزبێکی تری ئیسلامی ناوی خودا و دین بەکاردێنن بۆ مەرامی گلاوی سیاسی خۆیان و ئەو هێزە دەرەکێی کە پشتیوانی ماددی بە ئەمانە دەدەن، ئەوانیش لە ڕێگای خێرو سەدەقەکردنەوە کلاودەنێنە سەرخەڵکانی هەژارو کەم دەرامەت و بێ ئاگا.
هێزەدەرەکێ کانیش سووننە مەزهەبن وەک سعوودیەوقەتەرو چەند وولاتێکی ترکە نایانەوی کورد بە ئاوات ومرادی خۆی بگات.  هەربەبەرچاوی ئەو وولاتانەشەوە کاتی خۆی کورد ئەنفال وکیمیاباران دەکراوتەعەددای نامووس و شەرەفی لی دەکراو کچی کوردیان دەفرۆشت بەوانەی کە ئیمڕۆ پارەو یارمەتی دەدەن بە یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ئەوەی عرووبەی عێراق ڕزگاربکەن.
-بۆ ئەوەی خۆیان وکورسێ کانیان لەو گۆڕانکاری دیموکراتێ ڕزگارکەن کەلە عێراق و کوردستانەوە دەستی پی کردووەوئاینی ئیسلام بەکاردێنن بۆئیدامە پێدانی نەزعەی شۆڤێنی عەرەبی خۆیان. جا ئیتر باکیان نیە کورد یا ئەفغانی یا میللەتێکی تربەناوی  ئیسلامەوە بەدبەخت و قوربەسەردەکەن.بۆ نموونە ئەفغانستان وێران بوو و بوو بەکەلاوە بە زەکاتی بەناوئیسلامی سعوودیەودەولەتانی خەلیج.
لەسعوودیە و ئەو وولاتانەوە لەو کاتەوە ئەوامریان دا بەیەکگرتووی ئیسلامی کە زانیان سووننە و  هیئەعلماء مجرمین  بەشداری هەڵبژاردن دەکەن.
یەکگرتووی ئیسلامیش بە زەکاتی کۆکراوەی پیرەژن و پیرەپیاوی سعودی و خەلیجی دەمی چەند خەڵکێ چەوردەکەن کە گوایە ئەوان گەندەڵ نین.
بەلام خەبات وتێکۆشانی خەڵکی کوردستان لە خێروحەسەنەی خەلیج وعەرەب گەورەترە.
یەکگرتوولە سایەی کوردستانێکی ئازاددا یاری بەداهاتووی نەتەوەیەک دەکەن. ئایا پێش ڕاپەرینی 1991 پێشمەرگەی کێ لە بن دیواری مزگەوتەکانی کوردستان شەهید دەبوو.
بەڵێ بەدڵنیاییەوە هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن کە پێشمەرگەکانی لیستی هاوپەیمانی عیلمانی کوردستانی  بوون نەک زەکات خۆرەکانی سعوودییەی وەک یەکگرتووی ئیسلامی.
شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیری کورد دەفەرموێ

هەزارئەفسوون وجادووی پێوە ئاوێزانە ئەوریشە
*عیلاجی گەربێ یا گووزە یا گوێزانە ئەو ڕیشە*

پێشمەرگەی لیستی هاوپەیمانی عیلمانی کوردستانی دیفاعی لە شەرەف وکەرامەتی کورد دەکرد یا ئەم شێرەبەفرینە جێ خۆش ودەم گەرمانەی یەکگرتوو لە سایەی سێبەری خوێنی شەهیداندا دانیشتوون هەروەک  فەیسەڵ قاسمی تەلەفیزۆنی جەزیرە و عەرەب باسی گەندەڵی شتی بریقەداربۆ خەڵک دەکەن.
دەبا خەڵکی کوردستان  خۆیان حەکەم بن لەم لیستە تازە جیاوازەی یەکگرتوو وخەڵکی دوێنی ی پێشمەرگەوئەمڕۆ سەرۆکی عێراق وسەرۆکی هەرێمی کوردستان.